گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاستەنگەکانی حەوکەمەی بوودجەی گشتی لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی

**ڕێباز نادر ابراهیم**
بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
rebaz.ibrahim@su.edu.krd

**پ.ی.د. کمال انور یابە**
بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
kamal.yaba@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٥/٥/٢٠
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٢
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*Governance, public budget, corruption, transparency, reform.*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.11.3.15

## پوختە

بابەتی بوودجەی گشتی دەوڵەت یەکێکە لە بابەتە گرینگەکانی زانستی دارایی و یاسایی، چونکە بوودجەی گشتی بەرنامە و پلانی حکومەتە بۆ خەملاندنی داهات و خەرجییەکان بۆ ساڵی دارایی داهاتوو، وە جێگیرکردنی بنەما سەرەکییەکانی حەوکەمە تیایدا دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی شەفافیەت و لێپرسینەوە و بەدەستخستنی زانیارییەکان وهاوبەشی پێکردن تیایدا،بوودجەی گشتی تووشی چەندین ئاستەنگ و بەربەست دەبێت کە وا کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر گەشەسەندنی سیاسەتی ئابووری دەوڵەت، وە دەبێتە هۆی ئەوەی بوودجەی گشتی نەتوانێت بگات بەو ئامانجانەی کە هەوڵی بە دەستهێنانی دەدات لە ڕێگری کردن لە گەندەڵی دارایی و کارگێری.

ئاستەنگەکانی بەردەم بوودجەی گشتی پەیوەستە بە پابەند نەبوون بە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان و نەبوونی شەفافیەت وخراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان، وە داواکاری زۆر لە لایەن هەندێك لە دامەزراوەکانی حکومەت، وە نەبوونی چاودێرییەکی کارا لەسەر کارەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراوەکان و کەمی فەرمانبەرانی خاوەن ئەزموون لە ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی، هەموو ئەم ئاستەنگانە ڕوو بەڕووی حەوکەمەی بوودجەی گشتی دەبێتەوە و کاریگەری نەرێنی دەبێت لە ڕێگری کردن و کەمکردنەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، وە لابردنی ئاستەنگەکان و ڕێگاکانی حەوکەمەی بوودجەی گشتی خۆی دەبینێتەوە لە پەرەپێدانی سیستەمە یاساییەکان و ڕاهێنان و بەرەوپێش بردنی فەرمانبەران لە جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی و ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە بوودجەی گشتی و بەشداری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە بوودجەی گشتی

## پێشەکی

### پێناسەیەکی بابەتی توێژینەوەکە:

دیاردەی گەندەڵی بە گشتی و گەندەڵی بوودجەی دەوڵەت بەتایبەتی لە کاتی ئێستادا بووەتە دیاردەیەکی جیهانی کە لە زۆرێك لە وولاتان بەربڵاوە، ئەم دیاردەیە لە گەشەسەندن دایە بە بەردەوامی و زیانەکانی گەورەتر دەبن و بوارەکانی فراوانتر دەبێت لەگەڵ بەرەپێش چوون و گەشەسەندنی ئابووری و هەنگاوەکانی گەشەپێدان، ئەمەش وای کردووە بەردەوام بە دوای ڕێگە چارەسەرییەکان و ئامرازە کاریگەرەکان بگەڕێین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە، بۆیە چەندین ئاستەنگ و بەربەست هەن لە بەردەم ڕێگاکانی ڕوو بەڕوو بوونەوەی گەندەڵی، کەوا کاریگەری خراپیان لەسەر گەشەسەندنی سیاسەتی ئابووری دەوڵەت دروست کردووە، وە بۆتە هۆی ئەوەی بوودجەی گشتی نەگات بەو ئامانجەی کەوا هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات بۆ ڕێگری کردن لە گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، بۆیە حەوکەمەی بوودجەی گشتی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر نەهێشتنی گەندەڵی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بنەماکانی حەوکەمە کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی شەفافیەت و دەسپاکی لە خەرجی و داهاتەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە عێراقدا دیاردەی گەندەڵی بەڕوونی دەبینرێت بەتایبەتی لە بواری بوودجەی گشتی دەوڵەت، ئەمەش پەیوەندی هەیە بەم پێکهاتە ئابووریەیی کە دەوڵەت پەیڕەوی دەکات کە بۆتە هۆی بە سیاسی کردنی خەرجییە گشتیەکان و پەیڕەوکردنی شێوازی تقلیدی لە ئامادەکردنی بوودجە و قبوڵکردنی کورتهێنان تیایدا بەبێ ڕەچاوکردنی دۆخی ئابووری و دارایی گشتی، وە بوونی چاودێرییەکی لاواز لەسەر کارەکانی حکومەت، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی حالەتەکانی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی.

## کێشەی توێژینەوەکە و پرسیارەکانی:

کێشەی توێژینەوەکەمان نەبوونی بنەماکانی حەوکەمەیە لە بودجەی گشتی دەوڵەت لە عێراق، وە لاوازی لایەنە چاودێریەکان لەسەر کارەکانی حکومەت بەگشتی و پرۆسەی بوودجەی گشتی بەتایبەتی، وە نەبوونی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە لە بەرپرسانی دەوڵەت، ئەمانەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دارایی و بەهەدەردانی سامانی گستی و نەبوونی پرەنسیپەکانی شەفافیەت و بەشداریکردن کە یەکێکن لە بنەما سەرەکییەکانی حکومڕانی دروست و باش لە دەوڵەتدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم توێژینەوەیەمان هەوڵ دەدات وەڵامی کۆمەڵێك پرسیار بداتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١ -چەمکی گەندەڵی چی یە؟ هۆکارەکانی زیاد بوونی گەندەڵی و بەهەدەردانی ماڵی گشتی لە ئەنجامی نەبوونی پرەنسیپی شەفافیەت و بەژداری کردن بەشێکی جەوهەریە لە پێویستیەکانی حەوکەمە کە ڕەگەزێکە لە حوکومڕانی باش و سەرکەوتوو لە دەوڵەتی سەردەمیانە، وە ئایە تا چەند بنەماکانی حەوکەمە بونەتە هۆی کەمکردنەوە و ڕێگریکردن لە گەندەڵی کارگێڕی و دارایی؟.

٢ -ئایە تاچەند یاسا بەرکارەکانی عێراق ڕۆڵیان هەبووە لە کەمکردنەوەی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی بەتایبەتی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی دەوڵەت.

٣ -ڕۆڵی دەوڵەت و حکومەت لە ڕێگەی دامەزراوە چاودێرییەکان چی یە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گرینگی توێژینەوەکە:

گرینگی ئەم توێژینەوە لەوەدا بەدەردەکەوێت کەوا حەوکەمەی بوودجەی گشتی دەوڵەت کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەسەر نەهێشتن و کەمکردنەوەی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی، ئەمەش لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی بنەماکانی حەوکەمە کە دەبێتە هۆی بنیاتنانەوەی پێکهاتەکانی بوودجە و کارکردن بە یاسا و ڕێساکان بۆ باشترکردنی کاریگەری و کارایی لە بەرێوەبردنی دروست و بە دیهێنانی شەفافیەت و متمانە و ئاشکراکردنی زانیاری و داتاکان لە بوودجەدا، وە بڵاوکردنەوەی کەلتووری بەشداریکردن لە دارشتنی سیاسەتە داراییەکان و بریاردان و بەرپرسیاریەتیەکان، وە چالاککردنی ڕۆڵی دامەزراە چاودێرییەکان بۆ بەدواداچوون بە مەبەستی پابەند بوون بە یاساکان و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لێپێچینەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکەمان گەیشتنە بە پێویستی جێبەجێکردنی حەوکەمەی بوودجەی گشتی بۆ ڕێگری کردن لە گەندەڵی کارگێڕی و دارایی لە عێراق بەمەبەستی خستنەڕووی و دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك کەلێن و بۆشایی کەوا ڕێخۆشکەرە بۆ گەندەڵی کارگێڕی و دارایی، هەروەها گونجاندنی بودجەی گشتی دەوڵەت لەگەڵ ئەو بەرنامەی بۆی دانراوە بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی هاوڵاتیان ورێگری کردن لە گەندەڵی کارگێڕی و دارایی.

## ڕێبازی توێژینەوەکە :

لە لێکۆڵینەوەکەماندا پشت دەبەستین بە ڕێبازی شیکاری بەراوردکاری، یەکەمیان ڕێبازی شیکاریە بۆ شیکردنەوەی دەقە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە بابەتی توێژینەوە، وە تیشک خستنە سەر کەموکوڕی و بۆشاییە یاساییەکان لەو بوارەدا و لەگەڵ خستە ڕووی بۆچونی زانایان لەو بارەدا، دووەمیان بەراوردکاریە لە ڕێگەی بەراوردکردنی یاساکانی عێراق لە بواری بودجە لە نێوانیشیان یاسای بەڕێوەبردنی دارایی دەوڵەت ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٩، وە هەروەها یاساکانی بوودجەی ساڵانەی عێراق لەگەڵ یاساکانی ئەو بوارە لە وڵاتی میسر لە نێویشیاندا یاسای دارایی گشتی یەکگرتووی میسری ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٢٢ لەگەڵ یاساکانی بوودجەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵانە لەو وووڵاتەدا، وە هۆكاری هەڵبژاردنی میسر  ووڵاتێكی پێشكەوتووە لە بواری بووودجە و چەسپاندنی بنەماكانی حەوكەمە لە یاساكانی ئەو بوارەدا.

## گریمانەی توێژینەوە:

ئەو گریمانە سەرەكیەی كە توێژینەوەكە هەوڵی پشتڕاستكردنەوەی دەدات لەم بیرۆكەیە سەرچاوە دەگرێت كەوا حەوكەمەی بوودجەی گشتی هەنگاوێكی گرینگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و كارگێری، بەڵام نەتوانراوە بە شێوەیەكی كاریگەرانە بچەسپێندرێت لە بوودجەی گشتیدا، ئەمەش بە هۆی لەبەرچاونەگرتنی پرەنسیپەكانی حوكمڕانیە لە جێبەجێكردنی بنەماكانی حەوكەمە، وە ڕێگریكردن لە دامەزراوە چاودێریەكان بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی كرداری كارەكانی خۆیان بكەن بۆ ڕێگری كردن لە گەندەڵی دارایی.

## پلانی توێژینەوەكە :

پلانی توێژینەوەكەمان دابەش كردووە بۆ سێ باس لە باسی یەكەم چەمكی حەوكەمەی بوودجەی گشتی لە ڕێگریكردن لەگەندەڵی كارگێری و دارایی باس دەكەین و دابەشمان كردووە بۆ دوو تەوەرە، لە تەوەرەی یەكەم پێناسەی حەوكەمەی بوودجەی گشتی دەكەین، وە لەتەوەرەی دووەم بنەماكانی حەوكەمەی بوودجەی گشتی دەخەینەڕوو ، وە باسی دووەمان ئاستەنگەكانی حەوكەمەی بوودجەی گشتی دەخەینەڕوو، وە دابەشی دەكەین بۆ دوو تەوەرە،لە تەوەرەی یەكەم بەربەستەكانی دامەزراوەیەكان لە جێبەجێكردنی بوودجەی گشتی باس دەكەین، وە لە تەوەرەی دووەم ئاستەنگەكانی بەردەم بوودجەی گشتی لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەخەینەڕوو، وە لە باسی سێیەم، باسی ڕێگاكانی بەدیهێنانی حەوكەمەی بوودجەی گشتی لە ڕێگری كردن لە گەندەڵی دەكەین و دابەشی دەكەین بۆ دوو تەوەرە، لە تەوەرەی یەكەم ڕۆڵی سیستەمە یاساییەكان لە حەوكەمەی بوودجە باس دەكەین، وە لە تەوەرەی دووەم ڕۆڵی تەكنەلۆژیا و ڕێكخراوەكان لە ڕیگری كردن لە گەندەڵی باس دەكەین .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## باسی یەکەم: پێناسەی حەوکەمەی بوودجەی گشتی و بنەماکانی

ئەم باسەمان دابەش دەکەین بۆ دوو تەوەرە، لە تەوەرەی یەکەم پێناسەی حەوکەمەی بوودجەی گشتی دەکەین، وە لە تەوەرەی دووەم بنەماکانی حەوکەمەی بوودجەی گشتی باس دەکەین.

### تەوەرەی یەکەم: پێناسەی حەوکەمەی بودجەی گشتی

حەوکەمە زاراوەیەکی نوێیە لە زمانی کوردی بە مانای حوکمڕانێتی باش دێت، لە زمانی عەرەبیدا لە ساڵی ٢٠٠٢ لە لایەن ئەکادیمیایی زمانی عەرەبی لە قاهیرە وەك وەرگێرانی ووشەی ئینگلیزی (Governance) پەسەندکرا کە بە واتای (حکومڕانی بە هێز یان حکومڕانی دروست)، لە یۆنانیەکان زاراوەی (Kubernao) بەکارهاتووە بە مانای ئاراستەکردن دێت، پاشان هاتۆتە ناو زمانی لاتینی و زمانەکانی تر، هەموو ئەمانەش بە واتای ژیری و دانایی لە کردار و گفتار و بینین و بۆچونی دروستەوە سەرچاوە دەگرن بۆ ڕێگری لە گەندەڵی[1].

١- دامەزراوەی دارایی نێودەوڵەتی (ICF ) وای پێناسە کردووە کە "کۆمەڵێك پێکهاتەو پرۆسەی پێویستە بۆ ئاراستەکردن و کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکان و دیاریکردنی ماف و ئەرکەکانی نێوان بەشداربووانی سەرەکی لە دامەزراوەکەدا، لەوانەش خاوەن پشکەکان و ئەندامانی دەستەی بەڕیوەبردن، هەروەها دیاریکردنی یاسا و ڕێکارەکان بۆ بڕیاردان سەبارەت بە بابەتەکان"[2].

٢- بانکی نێودەوڵەتی (world Bank) پێناسەی کردووە کە" بریتییە لەو شێوازەی کە دەسەڵات لە دەوڵەتاندا پیادەی دەکات بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی، لەمانەش ئەو پرۆسەیەی کە بەهۆیەوە حکومەت هەڵدەبژێردرێت و چاودێری دەکرێت و

---

[1] أحمد خزعل محمود الجواري، توظيف مبادي حوكمة الموارد البشرية في الحد من الظاهرة الاحتراق الوظيفي، رسالة الماجستير في الادارة الأعمال، جامعة موصل، ٢٠٢٠، ص ٣٥

[2] منير زياني، مدى تحقيق مبادئ الحوكمة في ادارة الميزانية العامة بالجزائر وسبل تجسيدها، المجلة الجزائر للمالية العامة، المجلد(١٢)، العدد(١)، ٢٠٢٢، ص٣٨١.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەگۆڕدرێت، وە توانای حکومەتیش لە دروستکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە و کارایانە، لە پێناو گەشەپێدانی وواڵت "[3].

٣- پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندنیش(UNDP) وای پێناسە کردووە کە "پیادەکردنی دەسەڵاتە ئابووری و سیاسی و کارگێڕییەکانە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لە هەموو ئاستەکاندا، بەشێوەیەك کە هەموو ئەو ئامراز و کردار و دەزگایانە لە خۆدەگرێت کە هاوڵاتیان و دامەزراوەکان لە رێگەیانەوە بەرژەوەندیەکان دەپارێزن"

پێمان وایە حەوکەمەی بودجەی گشتی بریتییە لەکۆمەڵێك رێکار و یاسا و رێسا کە پەیڕەو دەکرێت لە بودجەی گشتی، کە پەیوەندیدارە بە شێوازی بەڕێوەبردنی دارایی و خەرجی گشتی دەوڵەت، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە سەرەکیەکان.

## تەوەرەی دووەم: بنەماکانی حەوکەمەی بوودجەی گشتی

### یەکەم- بنەمای ڕوونی وئاشکرایی (شفافیەت):

ئەم بنەمایە واتا دەست گەیشتن بە کۆی زانیاریەکان سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بودجەی گشتی وسەرچاوە گشتیەکان لەلایەن حکومەتەکانەوە، وە بەردەستبوونی لەکاتی خۆیدا و دەستکەوتنی بەڵگەنامە سەرەکیەکانی هاوپێچکراوی بوودجەی گشتی[4]، بۆیە پێویستە بڵاوکردنەوەی زانیاریە داراییەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان و هەموو لایەنەکانی تر تێبگەن چۆن سەرچاوە داراییە گشتیەکان تەرخان دەکرێن و بەکاردەهێنرێن[5]، وە شەفافیەتی بوودجەی گشتی دەوڵەت بۆتە یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی

---

[3] د. أمين فرج شريف، الحكم الصالح في اقليم كوردستان، دراسة في المقومات والمعوقات(١٩٩٢-٢٠١٣)، ط١، مطبعة هيڤي اربيل، ٢٠١١٩، ص٢٠

[1] منير زياني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٥

[5] د. محمد ذياب، حوكمة الموازنة العامة في الجزائر في ظل تطبيق القانون العضوي، الجزائر، مجلة معارف، المجلد ١٩، العدد ١، ٢٠٢٤، ص ٢٨٢

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حکومڕانی باش، هەروەها پێویستییەکی ئابوورییە بۆ بەرزکردنەوەی کارایی وکاریگەری ودادپەروەری لە خەرجی گشتی وکۆکردنەوەی داهاتی گشتی[6].

**دووەم - لێپرسینەوە و چاودێریکردن:**

لێپرسینەوە واتا پابەندبوونی دەوڵەت و دامەزراوە حکومییەکان بە خستنە ڕووی ژمێرکاری لەسروشتی پراکتیزەکانیان لەو ئەرکانەی کە پێیان سپێردراوە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی کارایی و کاریگەرییان، و پێشکەشکردنی وەڵام یان ڕوونکردنەوە بۆ هۆکارەکانی شکستهێنانیان، لەهەمان کاتدا بەدەستهێنانی متمانە لەکاتی سەرکەوتندا، دەتوانرێت لێپرسینەوە لە حکومەت لە ڕێگای سیستەمی ناوخۆییەوە بەدەست بهێنرێت کە ڕەفتاری دەزگا جیاوازەکانی حکومەت بەڕیوەدەبات، بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکان، دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە بەرپرسیارێتی لە ڕێگای ئامرازی ڕاستەوخۆ (لێپرسینەوەی دەرەکی ) بە دەستبهێنرێت،کەواتە لێپرسینەوە بریتییە لە "کۆمەڵێك پرۆسە و شێواز کە بەهۆیانەوە پشتڕاست دەکرێتەوە کە کارەکان بە پێ ی ئەوەی پلانی بۆدانراوە لە چوارچێوەی ئەوپەڕی متمانەوە دەڕوات بەڕێوە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کەوا لەسەری ڕێکەوتوون بۆ گەیشتن بە کارامەیی و لێهاتووی"[7].

**سێیەم- بنەمای ڕەوایەتی (مشروعیەت):**

ئەم بنەمایە مانای ئەوەیە کە فەرمانڕەوا و هاوڵاتیان ملکەچی بڕگەکانی یاسا دەبن بەبێ جیاوازی، واتە دەوڵەت بە هەموو دامەزراوەکانیەوە و تاکەکانی ملکەچی بڕگەکانی یاسا دەبن و لە سنوری خۆیان لانادەن، یەکێك لە مەرجەکانی ئەم بنەمایە ئەوەیە دەبێت کارگێڕی ڕێزی لێبگرێت لە کاتی هەڵسوکەوتەکانی، ئەگەر نا کارەکانی بە نایاسایی دادەنرێت و پوچەڵە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەربڕیارێك بدرێت دەبێت بە پێی ئەو ڕێسا ویاسایانە بێت کە لە

[6] د. احمد فارس عبد العزاوي، شفافية الموازنة العامة في القانون العراقي، مجلة جامعة الانبار للعلوم القانونية والسياسية، المجلد(١٠)، العدد(٢)، ٢٠٢٠،ص ١٩٣

[1] شعبان فرج، سرچاوەی پێشوو، ل ٢١

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتی دەرچوونی کاری پێدەکرێت، بۆیە بنەمای ڕەوایەتی یەکێکە لە گرینگترین پرەنسیپەکانی حەوکەمە بەبێ بوونی ئەم پرەنسیپە ناتوانرێت وێنای هەبوونی بەڕێوەبردنێکی باش بکەین لە دەوڵەتدا، وە تا چەند دامەزراوە گشتیەکان برگەکانی یاسای کارپێکراو پێشێل بکەن ئەوا گەندەڵی زیاتر دەبێت و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بێکاری و دروست بوونی قەیرانەکان، بۆیە سەقامگیری کۆمەڵگا پابەندبوونە بە یاساکان، بە پێچەوانەوەش نەبوونی ڕەوایەتی و دەسەڵاتەکەی پێوانەیە بۆ نەبوونی حەوکەمە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە گشتیەکاندا[8].

**چوارەم- بنەمای بەشداریکردن:**

بناغەی دیموکراسی بۆ هەر سیستەمێك لەسەر بنەمای بەشداریکردنە، واتە بەشداری هاوڵاتیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە دەوڵەتدا لە پرۆسەی حکومڕانی و بڕیاردان، ئەم لایەنانە بەشداری چەندین چالاکی دەکەن بۆ کاریگەری لەسەر کارەکانی حکومەت بە تایبەتی لە دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت، بەشداری کردنیش یان دەتوانێت ڕستەوخۆ بێت کە خەڵك ڕاستەوخۆ دەستوەردان بکات لە بڕیاردان، پاشان ئەوان ئەو کەسانەن کە بەرپرسیارن لەسەرکەوتن یان شکستی ئەو بڕیارە بەهۆی تێوەگلانی ڕاستەوخۆ لە پرۆسەکەدا، بۆ نموونە (پرۆسەی ڕیفراندۆم)، یان بەشداری ناڕاستەوخۆ بە واتای بەشداریکردنی خەڵك یان ئەندامانی کۆمەڵگا لە بڕیاردان لە ڕێگای نوێنەرەکانیانەوە کە ئەوان لە ڕووی یاساییەوە نوێنەرایەتییان دەکەن، بۆ نموونە (ئەنجوومەنی نوێنەران) بڕیاردانەکە بە دەنگدان دەبێت بۆ داڕشتنی سیاسەتی دارایی گشتی دەوڵەت دانانی بودجەی گشتی [9].

---

[1] د. هانم أحمد محمود سالم و قاضی محمد شکری، دور مجلس دولة في الموازنة بين مبدأي المشروعية والأمن القانوني، مجلة الدراسات القانونية والاقتصادية، دورية علمية محكمة، بدون سنة نشر، ص ١٣٧٠

[9] د. سرمد كوكب الجميل، الموازنة العامة للدولة –مدخل معاصر، شركة دار الاكاديمون للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٢١، ص ٢٧

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێنجەم - یەکسانی و دادپەروەری:**

بنەمای یەکسانی واتا هەموو کەسێك نێر و مێ دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانەیان هەیە بۆ پێشکەوتن و پاراستنی خۆشگوزەرانی خۆیان، بۆیە ئەم بنەمایە داوا لە دەوڵەتان دەکات بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەمووان بکات و مافی هەمووان بپارێزێت، وە نابێت بە هیچ شێوەیەك جیاکاری بکرێت لە پێشکەشکردنی دارایی گشتیدا، وە نابێت دوورخستنەوەو پەراوێزخستن بوونی هەبێت لە بووجەی گشتی دەوڵەت[10].

## باسی دووەم: ئاستەنگەکانی بەردەم حەوکەمەی بوودجەی گشتی

ئەو کێشەو گرفتانەی دێتە رێگەی بوودجەی گشتی و ئەو هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە دەوریان داوە، وادەکات بووجەی گشتی ببێتە سیستەمێك کە توانای دەربڕینی سیاسەتی گەشەپێدان و چاکسازی ئابووری و دارایی نەبێت، بۆیە بووجەی گشتی ڕوو بەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە کە بەشدارن لە ڕێگری کردن لە گەندەڵی، وە شێوازە نەریتیەکانی ئامادەکردنی بووجەی گشتی هۆکارە لە بەردەوامی کورتهێنانی دارایی لە دەوڵەت، لەسەر ئەم بنەمایە ئەم باسەمان دابەش دەکەین بۆ دوو تەوەرە، لە تەوەرەی یەکەم باسی بەربەستە دامەزراوەیەکان دەکەین لە حەوکەمەی بووەدجەی گشتی، وە لە تەوەری دووەم ئاستەنگەکان بەردەم بوودجەی گشتی لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەخەینە ڕوو.

### تەوەرەی یەکەم: بەربەستە دامەزراوەییەکان لە جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی

بوودجەی گشتی تووشی چەندین بەربەست و ڕێگری دامەزراوەیی دەبێتەوە کەوا کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئەوەی بوودجە نەتوانێت بگات بەم ئامانجانەی کەوا بۆی دانراوە، یاخود دەبنە هۆی ئەوەی ڕیگری بکەن لە ڕووبە ڕوو بوونەوەی گەندەڵی،لەسەر ئەم بنەمایە ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بۆ دوو لقی سەرەکی، لە لقی یەکەم باسی لاوازی توانا چاودێریەکان

---

[10] د. زاهر ناجي اسماعيل، دور الرقابة البرلمانية في تعزيز الحكم الرشيد، دراسة تطبيقية على المجلس التشريعي الفلستيني، ٢٠٠٨-٢٠١٣، ص ١١٥

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکەین لە جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی، وە لە لقی دووەم باسی گەندەڵی دامەزراوەکان دەکەین.

## لقی یەکەم: لاوازی توانا چاودێریەکان لە جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی

ڕوو بەڕوو بوونەوەی پێشێلکارییە یاسایی و گەندەڵی دارایی ئەرکێکە کە دەستوور و یاساکان بە لایەنە چاودێریەکانیان سپاردووە، کە دەسەڵاتی فراوانیان پێدراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان، ئەم چاودێریانەش چەند جۆرێکن وەك چاودێری پەرلەمان و چاودێری کارگێری و چاودێری دەستە سەربەخۆکان، بۆیە پرۆسەی جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی تووشی زۆر ئاستەنگ و لادان دەبێتەوە، ئەرکی دەوڵەتە چاکسازی لەم پرۆسەیەدا بکات، ئەویش لە ڕێگای چاودێری کردنێکی کاریگەرانە، وە پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە یەکە چاودێریەکان، هەروەها کارکردنی بەردەوام لە نێوان دەسەڵاتی یاسا دانان و جێبەجێکردن بۆ کەمکردنەوەی زێدەڕۆیەکان و کارکردن بۆ ئامادەکردنی کادیرانی پسپۆڕ لە کاروباری دارایی و ژمێریاری لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی، ئەم کارەش دەبێتە هۆی ڕێگری کردن لە گەندەڵی دارایی و کارگێڕی[11]، وە لە ڕوانگەی یاساییەوە گرینگی ڕۆڵی چاودێری لەوە دایە کە دەزگاکانی چاودێری دەتوانن تاوانباران بخەنە بەردەم دادگا لە کاتی هەڵە و لادانەکان لە جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی، لە لایەکی ترەوە چاودێری کردنی دڵنیایی دەدات لەوەی کەلتووری گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی ماڵی گشتی بڵاو نەبێتەوە، وە بە ئامانجی ئەوەی خەملاندنی خەرجییەکان لە بوودجەی گشتیدا بەشدار بێت لە دروستکردنی گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری دەوڵەت، وە دڵنیا بوون لەوەی کە هەموو داهاتەکان بەدەست هێنراون و خراونەتە سەر حیسابی دەوڵەت و ئاشکراکردنی هەر سەرپێچی و لادانێك کە لە لایەن دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەنجام دەدرێن[12].

---

[11] د. احمد فارس عبد العزاوي، اصلاح الموازنة العامة كمدخل للإصلاح النظام المالي في العراق، مجلة جامعة تكريت، المجلد (٦)، العدد(٢)، ٢٠٢٢، ص٩٨

[12] د. علي حسين احمد الفهداوي، الموازنة العامة والرقابة عليها في التشريعات العراقية، مجلة العلوم السياسية، العدد(٥٩)، ٢٠٢٠، ص١٤

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاودێری کردنێکی کاریگەرانە بۆ ئەدای دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ دڵنیابوون لە پابەندی فەرمانبەران لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی پەیوەست بە چاودێری کردنی بوودجەی گشتی چەند هەنگاوێکی پێویست هەیە پەیڕەو بکرێت گرینگترینیان ئەمانەن[13]:

١- ڕاهێنانی بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دارایی بۆ پێشخستنی تواناکانیان لە ڕێگەی پلان دانان و ڕێکخستنی بەردەوام

٢- بەکارهێنانی گونجاوی سەرچاوە بەردەستەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکان

٣- دەستنیشان کردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ناوەوە و دەرەوەی بەڕێوەبردن

٤- بەکارهێنانی باشترین شێوازی زانستی لە پێشبینی کردن و هەڵسەنگاندن بۆ خەملاندنی کارەکانی دامەزراوەکان، بۆ ئەوەی دوور بێت لەهەر بڕیارێکی هەرەمەکی کەوا کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر بوودجەی گشتی.

سەبارەت بە عێراق ئەو دامەزراوە چاودێریانەی کاری چاودێری لەسەر بوودجەی گشتی دەکەن وەك چاودێری پەرلەمان و چاودێری کارگێری بەتایبەتی چاودێری بەسەر حساباتی کۆتایی بەشێوەیەکی یاسایی و دروست جێبەجێ نەکراوە، چونکە لە زۆربەی حالەتەکاندا ڕەزامەندی پەرلەمان لەسەریان دوای تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر دێت، ئەمەش گرفتێکی یاسایی و دەستوریە ئەمەش ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ گەندەڵی دارایی و کارگێری[14]، وە چاودێری دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەسپاکی ڕۆڵی خۆیان بە تەواوی نەبینیوە لە ڕێگری کردن لە گەندەڵی ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەستوەردانی حزبی و هەڕەشەکردن لەو کەسانەی کەوا کاری چاودێری ئەنجام دەدەن، وە یەکلای نەکردنەوەی کەیسەکانی گەندەڵی لە لایەن دادگاوە، کەوا دەستەی دەسپاکی لەم بارەوە پشتڕاستی دەکاتەوە کە ژمارەی ئەو دۆسیانەی گەندەڵی کەوا بڕیاریان لە بارەیەوە دەرچووە هاوتا نییە لەگەڵ ژمارەی ئەو دۆسیانەی کەوا دەستە ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری دەکات، وە بە سەدان بەڕێوەبەری گشتی و بریکاری وەزیران و

---

[13] د. السيد احمد محمد مرجان، واجب الموظف العام في حماية المال العام، توزيع دار النهضة العربية، ط١، قاهرة، ٢٠١٠، ص٦٢

[14] د. شداد خليفة خزعل حاتم، الية الرقابة علي تنفيذ الموازنة العامة في ظل قانون الادارة المالية الاتحادية رقم ٦سنة ٢٠١٩، مجلة للعلوم القانونية، المحلد(١)، العدد(١)، ٢٠٢٠، ص ٢٢٥

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارمەندانی ئاسایی تێوەگلاون لە گەندەڵی بە گوێرەی مادە (١٣٦) لە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی عێراقی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٧١، پێویستی بە ڕەزامەندی وەزیری پەیوەندیدار هەیە بۆ ڕەوانەکردنی تۆمەتبار بۆ دادگا، ئەمەش بەربەستێکە لە ڕێگەی پێشکەوتنی داوا یاساییەکان بە هۆی ڕەزامەندی نەبوونی زۆرێك لە وەزیرەکان داوا یاساییەکان داخراون، ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە بڕە پارەیەکی زۆر لە خەزێنەی گشتی دەوڵەت تالان بکرێت و کاریگەری بخاتە سەر بوودجەی گشتی دەوڵەت و زیادبوونی کورتهێنان لە بوودجە ، هەموو ئەمانەش حکومەت لێی بەرپرسیارە[15].

بە بۆچوونی ئێمە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بوودجەی گشتی پێویستە دەزگا چاودێریەکان کارا بکرێن و شەفاف و بێلایەن بن و توانای گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی هەر سەرپێچیەك لە دامەزراوە داراییەکان، وە دەبێت میکانیزم و ئامرازی پێویستیان هەبێت بۆ مەبەستی چاکسازی دارایی و کارگێڕی بۆ ڕێگری کردن لە گەندەڵی.

**لقی دووەم: گەندەڵی دامەزراوەکان لەسەر بوودجەی گشتی**

گەندەڵی دامەزراوەکان کاریگەری لەسەر دادپەروەری و دابەشکردنی داهات و سامان دەبێت لە بەرژەوەندی گەندەڵکاران، بە سوود وەرگرتن لە پێگە کەیان لەسەر بەرژەوەندی ئەندامانی تری کۆمەڵگا، وە کار دەکاتە سەر کەم بوونەوەی داهاتی گەنجینەی گشتی، بە تایبەتی لە باج و گومرگ بە جۆرێك گەندەڵکاران بەرتیل وەردەگرن لەو کەسانە بۆ دەرباز بوون و خۆدزینەوە لە باج، ئەمەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی بڕێکی زۆر لە داهات بۆ گەنجینەی دەوڵەت، وە گەندەڵی دامەزراوەکان دەبێتە هۆی زیاد بوونی ڕاستەوخۆی تێچووەکان و بارگرانی لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگا، چونکە ئەو بڕە پارەی کە خاوەن کارەکان لە بەرامبەردا دەیدەن بە فەرمانبەرانی حکومەت بۆ بەدەستهێنانی ئاسانکاریەکان ئەوا لە بەرامبەر دا ئەم خاوەن کارانە بەهای ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەن نرخەکەی بەرز دەکەنەوە بۆ قەرەبوو

---

[15] خدیجة جمعة الزويني، الفساد و أثره في الموازنة العامة للدولة، جامعة المستنصرية، مجلة الادارة و الاقتصاد، مجلد(٣٣)، عدد(٧٣)، ٢٠٠٨، ص ١٣

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردنەوەی ئەو بەرتیلەی کە داویانە، یان ئەگەر حکومەت ئەو کەسە بێت کە کاڵاکان بکرێت کار دەکاتە سەر بووجەی گشتی دەوڵەت[16]، بۆیە گەندەڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بوودجەی گشتی هەیە، چونکە ئەو کارمەندەی بەرتیل وەردەگرێت ڕەنگە باجەکان کەمتر لە ڕێژەی خۆی بخەملێنێت کە ئەم باجەش بەشێکە لە داهاتی گشتی، ئەمەش دەبێتە هۆی کورتهێنانی بوودجەی گشت و لاوازی ئاستی خەرجییەکان، یاخود لە حالەتی خۆدزینەوە لە باجی گومرگی کە فەرمانبەری بەرپرس لە بەرامبەر بڕە پارەیەك کە وەریدەگرێت باجی گومرگی لەسەر کاڵا و شتوومەکە هاوردەکراوەکان پشتگوێ بخات کە ئەمەش بە داهاتی بووجەی گشتی دادەنرێت، یاخود فەرمانبەرانی دەوڵەت کەمتەرخەم بن لە خەرجیەگشتیەکان وەك ئەوەی بڕە پارەیەکی زۆر بۆ کڕینەکان خەرج دەکەن کە زۆر پێویست نین، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر بوودجەی گشتی و زیاد بوونی کورتهێنانی بوودجە[17].

گەندەڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت پەیوەستە بەم فەرمانبەرانەی کە تیایدا کاردەکەن، وەك قبووڵ نەکردنی پێشکەوتنی نوێ لە لایەن بەرپرس و فەرمانبەرانی دامەزراوە داراییەکان، زۆرێك لە فەرمانبەرانی دارایی بۆ ماوەیەکی زۆر بە سیستەمی کۆنی کارکردن یا ڕێکارە تەقلیدیەکان ڕاهاتوون ئەستەمە شێواز و ڕێکاری نوێ بگرنە بەر بۆ پیادەکردنی کارەکان، یاخود پەرەپێدانی هەوڵەکانی کارگێڕی لەگەڵ بەرژەوەندی هەندێك لایەن و بەرپرس و فەرمانبەر ناکۆك بێت بە هۆی ئەوەی ئەم پەرەپێدانە سەردەمیانەی کارگێڕی ناگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندیە کەسیەکانی ئەم بەرپرس و فەرمانبەرانە [18]، وە پێویستە فەرمانبەران و بەڕێوەبەرانی جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی لە دەوڵەت پشت بە سیستەمی بەڕێوەبردنی سەردەمیانە ببەستن، وەك جێبەجێکردنی سیستەمی لامەرکەزی کارگێڕی و پشتبەستن بە تەکنەلۆژیایی نوێ واتا حکومەتی ئەلیکترۆنی، ئەمانەش دەبێتە هۆی ئاسانکردنی ڕێکارە

(16) د. إنتطار جاسم جابر، التباين المكاني للفساد الإداري والمالي في العراق، جامعة الكوفة، مجلة كلية التربية للبنات للعلوم الانسانية، العدد(٢٠)، ٢٠١٧، ص ٣٠٢

(17) خديجة جمعة الزويني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢

(18) حسن سلمان المكوطر، دور الشفافية والمساءلة في الحد من الفساد الاداري في القطاعات الحكومية، هاتريك النشر والتوزيع، اربيل، ٢٠٢٣، ص ٦١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارگێڕییەکان و نەهێشتنی ڕۆتین و چاودێری کردنی ئەدای کارەکانی حکومەت، وە دەبێتە هۆی خێرایی و ئاسانی تەواوکردنی مامەڵە داراییەکان[19].

سەبارەت بە عێراق دیاردەی سەرهەڵدانی گەندەڵی لە داموو دەزگاکانی دەوڵەت لەسەردەمی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی حکومڕانی لە عێراق بەربڵاو بووە، دەرکەوتە جۆراو جۆرەکانی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی گواستراوەتەوە بۆ هەموو جومگەکانی دەوڵەت، وە ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر هەموو دامەزراوەکانی حکومەت، ئەمەش بە هۆی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی و بارودۆخی ئابووری، سەر ئەنجام دیاردەی گەندەڵی ڕووی لە زیادبوون کردووە، وە تەشەنە سەندنی ئەم دیاردەیە بە هۆی نەبوونی لێپرسینەوە و شەفافیەت و لاوازی جێبەجێکردنی یاساکانە، وە نە بوونی ڕەوشتی کارکردن لە لایەن زۆرێك لە فەرمانبەرانەوە کە بە دوای دەسکەوتی مادی کەسین، هەموو ئەمانە ژێرخانی داموو دەزگاکانی دەوڵەتی لە ناوبردووە[20].

بە تێڕوانینی ئێمە بۆ چاکسازی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت پێویستی بە دووبارە داڕێژتنەوەی پێکهاتەی دامەزراوەکان هەیە لە هەموو ئاستەکاندا، وەك گۆڕینی سیستەمی کۆنی کارکردن و ڕاهێنان و بەرەوپێش بردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت بەتایبەتی ئەو فەرمانبەرانەی لە یەکە ئابوورییەکان کار دەکەن، وە دوور خستنەوەی دەستی حزبی و مەزهەبی لە کارو بارەکانی دامەزراوەکان.

### تەوەرەی دووەم: ئاستەنگەکانی بەردەم حەوکەمەی بوودجەی گشتی لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

بوودجەی گشتی تووشی چەندین ئاستەنگ وبەربەست دەبێتەوە لە کاتی جێبەجێکردنی، کە کاریگەر نەرێنی دەخاتە سەری لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی، وە دەبێتە هۆی ئەوەی بوودجەی گشتی نەتوانێت ڕێگر بێت لە ڕوودانی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، لەسەر ئەم بنەمایە ئەم

(19) امین فرج شريف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦
(20) رغد على حسن، الفساد الاداري والمالي في العراق، ( الاشكالية و الاثار و المعالجات)، مجلة الاداب، العدد (١٢٨)، ٢٠١٩، ص ٥١٩

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەوەرەمان دابەش دەکەین بۆ دوو لق، لە لقی یەکەم باسی ڕوو بەڕوو بوونەوەی گۆڕانکاریەکان دەکەین، لە لقی دووەم ئاستەنگەکانی نەگەیشتن بە زانیاری بوودجەی گشتی دەخەینە ڕوو

### لقی یەکەم: ڕوو بەڕوو بوونەوەی گۆڕانکاریەکان

فراوان بوونی ڕۆڵی دەوڵەت لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی ئاستی گەشەکردن لە سەردەمی ئێستادا بووەتە هۆی گۆڕانکاری گرینگ لە چەمك و ناوەڕۆکی بوودجەی گشتی، کە چیتر ئامانجەکانی دەوڵەت سنوردار نییە لە دابینکردنی پێویستییەکانی دامەزراوەکان و بەجێگەیاندنی خواستەکانیان، بەڵکو ئەرکی دیکەی زیادی کردووە کە پەیوەستن بە گەشەسەندنی سیاسەتی دارایی دەوڵەت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووری بوودجە، ئەویش بریتییە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی مۆدێرنی بوودجە کە جیاوازە لەو سیاسەتە نەریتیەیی بوودجە، ئەویش بە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێکان لە بواری پەرەسەندنی ئابووری دەبێت لە هەموو ئاستەکان، بە ئامانجی باشترکردنی دامەزراوە داراییەکان بە تایبەتی بوودجەی گشتی دەوڵەت[21].

کارکردنی دامەزراوەکانی کارگێڕی کە توانای گونجاندنی لە گەڵ گۆڕانکارییەکان هەبێت بۆ باشترکردنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی دەوڵەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جیاوازەکان دەبێت شەفافیەت و ڕاستگۆیی پەیڕەو بکەن و ملکەچی لێپرسینەوە بن، وە پێویستە دەزگا کارگێڕیەکان ڕوو بەرووی گۆڕانکارییەکان ببنەوە لە ڕێگەی نوێکردنەوەی چوارچێوەی ڕێکخراوەیی دامەزراوەکە، لەوانەش کارا کردنی ڕۆڵی وەزارەتەکان ونوێکردنەوەی یاساکان و نوێکردنەوەی سیستەمی زانیاری، وە گۆڕینی کەلتوری کارکردن لە ناوەوەی کەرتی حکومی لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە جیاواز و کوالێت بەرزەکان بە بەکارهێنانی شێوازە مۆدێرنەکان، وە پێویستە دامەزراوەکان زیاتر گرینگی بە شەفافیەت بدەن

[21] د. ستار جابر خلاوي الحجامي، دور الموازنة التقليدية في تفاقم مشكلة الفساد الاداري والمالي في العراق، جامعة واسط، مجلة الكوت للعلوم الاقتصادية والادارية، المجلد(١) العدد(١٠)، ٢٠٢٣، ص٦

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە داڕشتنی سیاسەتەکانیان بۆ بە دەستهێنانی متمانەی زیاتری هاوڵاتیان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی[22]، هەموو ئەمانەش پێویستی بە سەرکردایەتیەکی کارگێڕی کارامە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکە سەرکردایەتیەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەم کارامەیانەش بریتین لە کارامەی تەکنیکی و ڕێکخراوەیی کارکردن و شیکاری کردن بۆ ڕووداوەکان کە وای لێدەکات پسپۆرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخانە دا بکات کە ڕوو بەڕووی دەبێتەوە [23].

سەبارەت بە عێراق کارکردن بۆ گۆڕین و چاکسازی لە پێکهاتە فەرمیەکان و دامەزراوە گشتیەکانی دەوڵەت بە ئامانجی ڕزگاربوون لەو سیستەمە تاك ڕەویەیی کە زاڵە بەسەر دامەزراوەکان بەدی ناکرێت، بە هۆی کاریگەری دەستوەردانی حزبی و مەزهەبی، بۆیە پێویستی بە گواستنەوەی بەرەو گۆڕانکاری سەردەمیانە هەیە لەسەر بنەمای بە یاسایی کردنی دامەزراوەکان و گونجاندن لە گەڵ گۆڕانکارییە نوێکان، وە هەنگاونان بەرەو گەیشتن بە ئیدارەدانێکی ژیرانە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە کە جێگای ڕەزامەندی هاوڵاتیان بێت، بۆیە پێویستە لە عێراق حکومەتەکان هەوڵ بۆ بنیاتنانی دامەزراوەیەکی دادپەروەرانە و شەفاف بدەن لە بەڕێوەبردنی کارەکانی دامەزراوەکان، بە شێوەیەك کەوا ببێتە هۆی بە دیهێنانی خواستەکان[24].

### لقی دووەم: نەبوونی شەفافیەت و زانیاری

ئامانج لە جێبەجێکردنی بنەمای شەفافیەت لە کارە داراییەکانی پەیوەست بە بوودجەی گشتی بۆ دڵنیابوونە لەوەی کە داتاکان تاچەند لە گەڵ ڕاستیەکان دەگونجێت، بە مەبەستی گەیاندنی وێنەیەکی ڕوون لەسەر سیاسەتی دارایی حکومەت سەبارەت بە کۆکردنەوەی داهات و خەرجییەکان، بە شێوەیەك ڕێگە بە هاوڵاتیان بدرێت ئاگاداری هەموو ئەو داتایانە بن، وە ڕێگە

[22] د. طارق الحصري، الحوكمة في القطاع الحكومي، المؤشرات والممارسات في مصر خلال (٢٠٠٦-٢٠٢١)، ط١، ٢٠٢٤، ص ٣١

[23] امال بوسفط، القيادة الادارية و دورها في الحد من الظاهرة الفساد الاداري، اطروحة دكتوراه العلوم في علم الاجتماع، جامعة محمد خيضر، ٢٠٢٣، ص١٧

[24] وليد مساهر حمد و على رمضان، الادارة لرشيدة في العراق بعد عام ٢٠٠٣، مجلة الاكاديمية العراقية، المجلد(٢٠)، العدد(٧)، ٢٠٢٣، ص٤٣١

بە دەسەڵات بدات کارەکانیان لە چاودێری کردن و سەرپەرشتیکردنی دارایی ئەنجام بدات، بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە بنەمای شەفافیەت پەیرەو کراوە، بۆیە جێبەجێکردنی بنەمای شەفافیەت لە ئەنجامی ڕۆڵی چاودێری گشتی و دەزگاکانی چاودێری بەسەر کارەکانی خەرجکردن و کۆکردنەوە دا بە دیاردەکەوێت، بە جۆرێك ئاگاداری سروشت و قەبارەی داهات و خەرجیەکان بن بە شێوەیەك ڕێگە نەدەن حکومەت هیچ جۆرە داهاتێك یان خەرج کردنێك بشارێتەوە، ئەمەش قەبارەی ڕاستەقینەی بوودجەی گشتی نیشان دەدات و ڕێگری دەکات لە هەر بەفیرۆدانێك و زێدە ڕۆیەك لە سامانی گشتی دەوڵەت، وە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ڕوونی کارەکانی حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی[25]، بۆیە دەبێت هەموو بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە بوودجە ڕوون بن دوور بن لە ناڕوونی بۆ ئەوەی هاوڵاتیان دەستیان پێبگات و ئاگاداری ئاراستەکانی حکومەت بن، ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی خستنە ڕووی بڵاوکراوەی ئەنتەرنێت بەردەست بێت بۆ ڕای گشتی و لایەنە پەیوەندی دارەکان، ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ گفتووگۆ کردن لەسەر بژاردەکانی بوودجەی گشتی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتگیر و ڕاست بێت، وە پابەند بوونێکیش بەسەر حکومەت دەسەپێنێت بە پێشکەش کردنی بوودجەیەکی ڕوون و پشتڕاستکراوە بە داتا و زانیاری دروست، وە دڵنیا بوونە لە جێەجێکردنی هە موو ئەو قۆناغانەی کە بوودجە پێیدا تێدەپەڕێت لە ئامادەکردن و وردبینی کردن تا ژمێریاری کۆتایی، وە دڵنیا بوون لەوەی حکومەت پابەند بووە بە ڕێسا و بنەماکانی بوودجە بە بێ هیچ سەرپێچی کردنێك و لادانێك[26].

چەند داواکارییەکی بنەرەتی هەیە بۆ شەفافیەت کە ئەمانەن[27]:

١- پابەند بوون بە کراوەیی و شەفافیەت و ڕاستگۆی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان و ئەرکەکانیان، وە چالاککردنی سیاسەتەکانی کارگێڕی لە هەموو ئاستەکاندا، بە شێوەیەك ڕێگە

---

[25] اعاد حمود القيسى، المالية العامة و التشريع الضريبي، دار الثقافة النشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٥، ص ٢٨

[26] اسعد عبد الامير سعيد النجم، اعداد الموازنة العامة الاتحادية، اطروحة دكتوراه في المحاسبة، جامعة كربلاء، ٢٠٢٣، ص ٨٣

[27] عصام عبد الفتاح مطر، الفساد الاداري ( ماهية ، أسباب ، مظاهر)، دار جامعة الجديد، جامعة الفاتح، ٢٠١١، ص ٢٦١

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە لێپرسینەوەی جدی دامەزراوەکە و کارمەندان بدات سەبارەت بە هەموو مامەڵەکانی لە گەڵ لایەنە پەیوەندی دارەکان.

٢- پابەند بوون بە سیاسەتێکی ڕوونی بڵاو کردنەوە کە پاراستنی بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە دامەزراوەکان و ئەرکەکانی لە خۆبگرێت، بە شێوەیەك تەواوی داتا و زانیارییەکان ڕوون بن و بەشێوەی نووسراو و ئەلیکترۆنی بڵاوبکرێنەوە.

٣- بەڵێندان بۆ پێدانی زانیاری دروست بە هاوڵاتیان بە بەرزترین ئاست و وردبینی تەواو، وە دروستکردنی کە ناڵی پەیوەندی دامەزراوەکان لەگەڵ هاوڵاتیان، وە گرتنەبەری ڕێوشوێنی دڵنیابوون لە پاراستنی تۆمار و زانیاریەکانی پەیوەست بە دامەزراوەکان.

٤- پەیڕەوکردنی ڕێکارە پەسەندکراوەکانی دامەزراوەکان، لەوانەش بنەماکانی دامەزراندنی کارمەند و هەڵسەنگاندن و ڕاهێنان و پلە بەرزکردنەوە و پێوەرەکانی مووچە بە شێوەیەکی شەفاف بێت.

٥- بوونی دەزگایەکی پێداچوونەوە کە سەربەخۆ بێت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە ڕاپۆرت و داتاکان لە کاتی خۆیدا ئامادە بکات و پێشکەشی دەسەڵاتی یاسادانانی بکات سەبارەت بە دروستی کارو چالاکییە داراییەکان.

شەفافیەت لە بوودجەی گشتی یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کە لەلایەن دەوڵەتان پەیرەو دەکرێت، کە گوزارشت لە پێویستی ئاگادار کردنەوەی ڕای گشتی دەکات لە ڕێبازی سیاسەتە گشتییە داراییەکان، وە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان لە لایەن ئەو کەسانەی بەرپرسن لە کارە داراییەکانی حکومەت، بۆیە شەفافیەت بە میکانیزمی ئاشکراکردن و ڕاگەیاندن دادەنرێت لە لایەن دەوڵەت بۆ سەرجەم چالاکییەکان و پلانەکانی جێبەجێکردن[28]، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر لە سیستەمی دەسپاکی و شەفافیەت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت تا چەند

[28] بولا احمد أدهم، وسائل مواجهة الفساد الاداري في ضوء التشريعات مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة شرق الاردني، ٢١، ص ٢٨

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەرن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، وەك دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و دەزگاکانی چاودێری کردن و لایەنە سیاسیەکان و میدیا و کۆمەڵگای مەدەنی[29].

سەبارەت بە عێراق هەرچەندە لە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی دەوڵەت ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٩، بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە پێویستە حکومەت لە هەموو قۆناغەکانی بوودجەی گشتی تا حساباتی کۆتایی بنەمای شەفافیەت پەیڕەو بکات، بەڵام لە واقیع دا نەبوونی شەفافیەت دەبینرێت، کەوا زانیارییە داراییەکان لە کاتی دیاریکراوی خۆی ئاشکرا ناکرێن و ناگات بە دەستی تاکەکان بۆ ئەوەی ئاشنا بن بە بەڵگەنامە داراییەکانی پەیوەست بە بوودجەی گشتی، ئەمەش بەدی دەکرێت لە بوودجەی ساڵی ٢٠١٠ تاکو ٢٠٢٤ کەوا بەڵگەنامەکان بڵاوناکرێنەوە بۆ ڕای گشتی ئەمەش پێچەوانەی مادە (٥٠) یە لە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی دەوڵەت کەوا جەختی لەسەر شەفافیەت کردۆتەوە[30].

پێمان وایە نەبوونی شەفافیەت لە بوودجەی گشتی هۆکاری سەرەکییە بۆ بڵابوونەوەی گەندەڵی، بە هۆی ئەوەی شەفافیەت و گەندەڵی بە یەکەوە ناگونجێن، کاتێك شەفافیەت ئامادە بێت گەندەڵی بوونی نامێنێت، وە بە پێچەوانەوەش نەبوونی شەفافیەت کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر سیاسەتی دارایی حکومەت و ڕێگری دەکات لە گەیشتن بە ئامانجەکانی بوودجەی گشتی.

## باسی سێیەم: ڕێگاکانی بەدیهێنانی حەوکەمەی بوودجەی گشتی لە ڕێگری کردن لە گەندەڵی دارایی و کارگێڕی

بوودجەی گشتی ئامرازێکە لە ڕێگەیەوە حکومەت هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە دەدات کوا پلانی بۆ داناوە لە جێبەجێکردنی سیاسەتە داراییەکانی، بۆیە زۆر ڕێگای جۆراو جۆر هەیە بۆ بەرەوپێشبردن و بەدیهێنانی حەوکەمەی بوودجەی گشتی، کەوا کاریگەری

(29) غزوان رفيق عويد، دراسة تحليلية لؤشرات منظمة الشفافية الدولية، مجلة النزاهة والشفافية للبحوث والدراسات، العدد(٧)، ٢٠١٦، ص ١٨٠

(30) د. نور عدنان داخل، مدى تطبيق المبادىء الحديثة للموازنة العامة، جامعة التقنية الوسطى، بغداد، بدون سنة نشر، ص ١٦٧

ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر کەمکردنەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، لەسەر ئەم بنەمایە ئەم باسەمان دابەش دەکەین بۆ سەر دوو تەوەرەی سەرەکی، لە تەوەرەی یەکەم باسی پەرەپێدانی سیستەمە یاساییەکان دەکەین لە حەوکەمەی بوودجەی گشتی، وە لە تەوەرەی دووەم ڕۆڵی تەکنەلۆژیا و ڕێکخراوەکان لە ڕێگری کردن لە گەندەڵی باس دەکەین.

**تەوەرەی یەکەم: ڕۆڵی سیستەمە یاساییەکان لە حەوکەمەی بوودجەی گشتی**

سیستەمە یاساییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە بەدەستهێنانی حەوکەمەی بوودجەی گشتی، بۆ ئەوەی ڕوو بەڕووی ئەم ئاستەنگانە ببنەوە کەوا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی،لەسەر ئەم بنەمایە ئەم تەوەرەمان دابەش دەکەین بۆ سەر دوو لق، لە لقی یەکەم باسی پەرەپێدانی سیستەمە یاساییەکان دەکەین، وە لە لقی دووەم باسی ڕاهێنان و بەرەوپێش بردنی فەرمانبەران لە جێبەجێکردنی حەوکەمەی بوودجەی گشتی دەکەین.

**لقی یەکەم: پەرەپێدانی سیستەمە یاساییەکان**

پەرەپێدانی شێوازەکانی سیستەمە یاساییەکانی پەیوەست بە بوودجەی گشتی لە ئێستادا لە زۆرێك لە وڵاتان کار لەسەر چاکسازی لە یاساکانی بوودجە دەکەن، چونکە زۆرێك لەو یاسایانەی بوودجەی گشتی ناگونجێن لەگەڵ سیستەمی بوودجەی گشتی بۆ ئەم قۆناغەی وڵات پێیدا تێدەپەڕێت، بۆیە پرسی چاکسازی لە سیستەمی یاسایی ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە پرۆسەی بوودجەی گشتی، چونکە ئەم چاکسازییە لە سیستەمی یاسایی دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەت ئەم شێوازە لە بوودجە پەیرەو بکات کەوا لەگەڵ ئەو قۆناغەی دارایی بگونجێت[31]، هەروەها پرۆسەی دەرکردنی یاساکان یەکێکە لەم پرۆسانەی بە هۆیەوە بناغەی ئامانجە ئابوورییەکان دادەنرێت بۆ گەیشتن بە خواستەکانی بوودجەی گشتی و ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی ژیانی کۆمەڵگا، بۆیە بوونی یاسای کاریگەر لە زۆربەی قۆناغەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگادا زاڵ بووە و سەرچاوەیەکی گرینگ بووە بۆ ڕێکخستنی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا، بەڵام لە کاتی ئێستا دا هەندێك لە یاساکان بوونەتە سەرچاوەیەکی لاوەکی لە بەرامبەر ئەم گۆڕانکارییانەی ڕوو دەدەن، کە پێویستی بە هەبوونی دەرکردنی یاسا و ڕێسای تازە هەیە بۆ

---

(31) أحمد فارس عبد العزاوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی نوێنەرایەتی هاوڵاتیان بکات بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی، وە بگونجێت لەگەڵ ئەم پێشکەوتنانەی لە ژیان و بواری زانست و تەکنەلۆژیا دا ڕوویانداوە، وە دەرکردنی یاساکان پێویستی بە لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن هەیە لە لایەنی لێهاتوویی و شارەزایی لە زانستی یاسایی[32].

پێش دارِشتن و دەرکردنی یاساکان بەتایبەتی یاسای بوودجەی گشتی کۆمەڵێك مەرج و داواکاری پێویست هەیە بۆ دڵنیابوون لە دارِشتنی یاسایەکی باش کە ئەمانەن:

### ١- بوونی دەستەی تایبەتمەند لە دروستکردن و دارِشتنی پەیرەوی یاسایی:

دروستی پرۆسەی یاسادانان لە ڕووی دانان و دارِشتنەوە پێویستی بە ئامادەکردنی دەستەیەکی تایبەتمەندە لە بنیاتنانی ڕێسای یاسایی هەیە لە هەموو قۆناغەکاندا کە پرۆسەی یاسادانان داوای دەکات، ئەمەش واتای ئەوەیە نابێت دارِشتنی یاساکان بە لایەنێك بسپێردرێت کە تایبەتمەندی و شارەزایی نەبێت لە یاسادانان، بەڵکو پێویستە ئەم کارە بەم دەستەیە بدرێت کەوا شارەزایە لەم بوارە ئەویش لە ڕێگای دروستکردنی لێژنە و دامەزراوەی تایبەتمەند بە دارِشتنی یاساکان[33].

### ٢- دابینکردنی کادیری لێهاتوو و سەرچاوەی دارایی گونجاو:

دابینکردنی کادیری شارەزا و لێهاتوو یەکێکە لە گرینگترین پێویستیەکان بۆ کاریگەری دەستەی یاسادانانی بوودجەی گشتی لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی کە پێیان سپێردراوە، چونکە بەشداریکردن لە بنیاتنانی سیستەمی یاسایی لە وڵاتدا کە بەشێوەیەکی دروست و خوازراو بێت و لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتیەکان بگونجێت پێویستە بە کەسانی شارەزا و لێهاتوو

---

[32] د. على الصاوي، الصياغة التشريعية للحكم الجيد، إطار مقترح للدول العربية، ورقة خلفية لحلقة النقاش ينظمها برنامج الامم المتحدة الإنمائية، برنامج إدارة الحكم في الدول العربية بالتعاون مع مجلس النواب، الى ورشة عمل حول تطوير نموذج للصياغة التشريعية للبرلمانات العربية، بيروت، ٢٠٠٣، ص٦

[33] أحمد عيبس نعمة، التشريع السليم و معوقات العلمية التشريعية في العراق، بحث منشور في مجلة الكوفة للعلوم القانونية والسياسية، جامعة الكوفة، مجلد(٧)، عدد(١٨)، ٢٠١٤، ص٤٨

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە، وە پێویستی بە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی هەیە بۆ ئامادەکردن و ڕاهێنان و کردنەوەی خولی پێویست بۆ ئەم کادیرانە کەوا مامەڵە لەگەڵ داڕشتنی یاساکان دەکەن[34].

**٣- دڵنیابوون لە دەستگەیشتن بە زانیاری یاسایی بۆ داڕێژەرانی یاسایی:**

باشترکردنی پڕۆسەی داڕشتنی یاساکان پێویستی بە دابینکردنی سەرچاوەی ڕۆشنبیری یاسایی هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە کاری داڕشتنی یاساکان دەکەن، چونکە ئەمە وایان لێدەکات دەستگەیشتن بە زانیارییە یاساییەکان ئاسانتر بێت، بۆیە ڕۆشنبیری یاسایی بەشێکی دانەبڕاوەیە لە داڕشتنی یاساکان، ئەمەش پێویستی بەوەیە کەوا بەشداریکردنی خەڵك بۆ بینینی ڕەشنووسی یاساکان لە قۆناغەکانی ئامادەکردن و خوێندنەوە هەبێت بۆ وەرگرتنی سەرەنج و پێشنیارەکانیان، وە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیایی وەرگرتنی زانیاری و توێژینەوەکان لەبارەی داڕشتنی یاساکان، هەروەها بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کەسانی شارەزا لە یاسا و زمانەوانی و لەم بوارانەدا پێویستە بۆ داڕشتنی یاسایەکی سەردەمیانە[35].

**٤- سوود وەرگرتن لەیاسای وڵاتانی تر:**

لە کاتی سوود وەرگرتن لە یاسای وڵاتانی تر پێویستە ئاگاداری ئەوەبین ئەو وڵاتەی کە یاسا بۆ هاوڵاتیەکانی دەردەکات بارودۆخی جیاوازە لەگەڵ وڵاتێکی تر، بۆیە پێویستە لە کاتی دەرکردنی یاساکان ڕەچاوی ژیان و کەلتووری هاوڵاتیان بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو واقیعە دا بگونجێت کە هاوڵاتیان تیایدان، ئەمەش بە هۆی ئەوەی یاسای گەلان لە یەکتر جیاوازن بە

---

[34] حيدر سعدون المؤمن، مبادىء الصياغة القانونية، دائرة الشؤون القانونية قسم اقتراح التشريعات في العراق، ص١٠، بحث المنشور على الموقع الاكتروني https://aiacademy.info

[35] خنفر محمد، جودة الصياغة التشريعية ودورها في تحقيق الأمن القانوني، رسالة ماجستير في الحقوق، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، ٢٠٢٢، ص٣٢

هۆی جیاوازی بارودۆخیان، یاخود گۆڕانکاریان بەسەر دادێت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر[36].

سەبارەت بە عێراق ئەو سیستەمی یاساییانەی کەوا ئێستا کاری پێدەکرێت زۆر کاریگەر نین، هەروەها پێویستی بە دەرکردنی یاسای نوێ هەیە سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەدەستهێنانی شەفافیەتی زیاتر، ئەمەش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و بەراوردکاری یاسای وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە بتوانرێت یاسایەکی کاریگەرانە بنیات بنرێت کە هەموو بنەماکانی حەوکەمەی تیدا بەرجەستە بێت[37].

**لقی دووەم: ڕاهێنان و بەرەو پێش بردنی فەرمانبەران لە جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی**

دەوڵەت چالاکییەکانی خزمەتگوزاری گشتی لە ڕێگەی کارمەندەکانیەوە بەڕێوە دەبات، بەو پێیەی ئەوان ئامرازی دەوڵەتن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خزمەتگوزاری گشتی، وە ڕۆڵی فەرمانبەری گشتی بە شێوەیەکی کاریگەر بێت یاخود بێ توانا بێت بە پێی فەلسەفەی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر وڵاتێك دیاری دەکرێت، بۆیە ڕۆڵی فەرمانبەران و بەرپرسی یەکەکانی ئابووری گرینگی تایبەتیان هەیە لە دیاریکردنی سیاسەتی دارایی دەوڵەت بە تایبەتی لە بواری بوودجەی گشتی ، وە دەبێت دەوڵەت فەرمانبەری شارەزا و لێهاتووی هەبێت لە بواری چاودێری کردن و بەڕێوەبردنی بوودجەی گشتی بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت ڕێگری لە بڵابوونەوەی گەندەڵی بکرێت[38]، وە لاوازی لێهاتوویی فەرمانبەران بە تایبەتی لە کاتی ئامادەکردنی بوودجەی گشتی یەکێکە لە کێشەکان کەوا ڕووبەڕووی بوودجەی گشتی دەبێتەوە، بە هۆی ئەوەی ئەم فەرمانبەرانە توانای گۆڕانکارییان نیە بۆ بە دەستهێنانی ئامانجە ڕاستەقینەکان کەوا کۆمەڵگا خواستیەتی، بۆیە سەرکەوتنی بوودجە پەیوەستە بە تواناکانی

---

[36] د. سليمان مرقس، الوافي في شرع القانون المدني، المدخل للعلوم القانونية، جزء الأول، الطبعة السادسة، مطبعة السلام، ١٩٨٧، ص٥٣٤

[37] د. عصام عبد الفتاح مطر، الفساد الاداري (ماهية – اسبابه – مظاهرة)، دار الجامعة الجديد، طرابلس، ٢٠١١، ص٢٦٦

[38] د. حمزة حسن خضر الطائي، الفساد الإداري في الوظيفة العامة، مركز الكتاب الأكاديمي، عمان، طبعة الأولي، ٢٠١٥، ص٢٤

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم فەرمانبەرانە لە جێبەجێکردن و چاودێریکردن بە شێوەیەکی کاریگەرانە، وە دەبێت کارگێڕی و ئەو کەسانەی بەرپرسیارن لە ئامادەکردنی بوودجە قبووڵی هەر گۆڕانکارییەکی سەردەمیانەی بوودجەی گشتی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن چاکسازی لە سیستەمی تقلیدی بوودجە بکەن وە بەرەنگاری هەر هەوڵێك ببنەوە کەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر بوودجە هەیە، بۆیە توانای ئەو کەسانەی کەوا لە یەکە ژمێریارییەکان کاردەکەن زۆر پێویستە بەتایبەتی لە بواری بوودجە[39].

بۆیە پێویستە فەرمانبەرانی دەزگا چاودێریەکان کەسانی شارەزا بن بۆ چاودێریکردن و ڕێکخستنی کارەکانی دامەزراوەکان بە ئامانجی بەدەستهێنانی باشترین ئەدای کارکردن، وە بەدواداچوون بۆ کارەکانی دامەزراوە [40].

سەبارەت بە عێراق ئاستەنگ و بەربەستی زۆر هەیە لە بەردەم جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی، ئەرکی دەوڵەتە چاکسازی لەم پرۆسەیەدا بکات ئەویش لە ڕێگای بوونی فەرمانبەری شارەزا بۆ چاودێری کردنی جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی، بۆیە زۆر پێویستە گرینگی زیاتر بە ڕاهێنان و ئامادەکردنی فەرمانبەری پسپۆڕ بدرێت بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت چاودێرییەکی کاریگەرانە لەسەر جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی بکرێت، وە ڕێگری بکات لە هەموو جۆرە گەندەڵییەك کەوا ڕوو بە ڕووی بوودجەی گشتی دەبێتەوە[41].

بە بۆچوونی ئێمە لە عێراق بە هۆی بوونی زۆری ژمارەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و دامەزراندنیان بەشێوەیەکی هەرەمەکی کاریگەری نەرێنیان دروست کردووە لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت بەتایبەتی ئەو فەرمانبەرانەی کە هیچ پسپۆرییەکیان نییە لە شوێنی زۆر کاریگەر دانراون.

بۆیە پێشنیارمان وایە دووبارە دارشتنەوە بە پێکهاتەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بکرێت لە ڕووی فەرمانبەرانەوە، ئەویش بە دانانی فەرمانبەران بەگوێرەی پسپۆڕیان لە شوێنی کارکردنیان، بۆ

---

(39) د. باقر كرخي حبيب الجبوري، الاثار الاقتصادية لتأخير اقرار الموازنة العامة على الإقتصاد العراقي، مجلة القادسية للعلوم الادارة والاقتصاد، جامعة القادسية، مجلد(١٧)، عدد(٣)، ٢٠١٥، ص١٥١
(40) سامی لطفي محمد ابو زويدة، دور الأجهزة الرقابية في مكافحة الفساد الاداري، جامعة الازهر، مجلة البحوث الفقهية والقانونية، العدد(٤٣)، ٢٠٢٣، ص٤٧٦١
(41) د. أحمد فارس عبد الغزاوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی بتوانن کاریگەری ئەرێنیان هەبێت لەسەر دامەزراوەکان، وە خولی ڕاهێنانی بەردەوامیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر شارەزابن و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم.

## تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی تەکنەلۆژیا و ڕێکخراوەکان لە ڕێگری کردن لە گەندەڵی دارایی و کارگێڕی

ئەم تەوەرەمان دابەش دەکەین بۆسەر دوو لقی سەرەکی، لە لقی یەکەم باسی ڕۆڵی تەکنەلۆژیا دەکەین لەسەر بوودجەی گشتی، وە لە لقی دووەم ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە بوودجەی گشتی باس دەکەین.

### لقی یەکەم: ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی

تەکنەلۆژیا یەکێکە لەم هۆکارە سەرەکیانەی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشە ئابوورییەکان، وە بەشدارە بەشێوەیەکی کاریگەر لە گەشەسەندنی ئابووری لە جیهاندا، بە هۆی ئەوەی دەرفەتی نوێی ڕەخساندووە بۆ باشترکردنی ئەدای بەڕێوەبردنی کارەکانی پەیوەست بە دارایی لە ناویشیاندا بوودجەی گشتی دەوڵەت، بۆیە لەم ساڵانەی دوایی سەرەنجێکی زۆری بۆ خۆی ڕاکێشاوە کە بووەتە هۆی ئەوەی متمانەی تەواو بەدەستبهێنێت، بۆیە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ئاسانکاری دەکات بۆ وەرگرتن و گواستنەوەی زانیارییەکان بە شێوەیەکی خێرا و دروست بۆ هەر شوێنێك کەوا مە بەست بێت[42]، ئەمەش وای کردووە سوودێکی زۆری لێبیبنرێت بە تایبەتی لە لایەنی ژمێریاری، چونکە بووەتە هۆی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پراکتیزە کردنی کارە ژمێرارییەکان لە ناویشیاندا بوودجەی گشتی کە وایکردووە تاکەکان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە زانیاری تەواویان هەبێت لەسەر داتاکان و داهات و خەرجییەکانی ناو بوودجەی گشتی دەوڵەت، بۆیە تەکنەلۆژیا کاریگەرییەکی زۆری دروست کردووە لەسەر کارەکان کە بووەتە هۆی ئەوەی کارەکان بە شێوەیەکی خێرا و بەبێ هەڵە و کەمووکوڕی ئەنجام بدرێن، وە بووەتە پردی

---

[42] محمد عبدالرحمن عمر، دور أبعاد التكنولوجيا في تحسين إدارة تجربة الزبائن، جامعة الموصل، مجلة تنمية الرافدين، المجلد(٤٣)، العدد(١٤٤)، ٢٠٢٤، ص١٥

نێوان هاوڵاتیان و دامەزراوە ئابوورییەکان[43]، وە یەکێکی تر لە سوودەکانی تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆی بەدیهێنانی شەفافیەت، چونکە بەکارهێنەران ڕاستەوخۆ دەتوانن زانیارییەکان بە دەستبهێنن بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ فەرمانبەران هەبێت، جگە لەمەش تێچووی کەمترە بۆ بەکارهێنەران ئەمانەش دەبێتە هۆی سنووردار کردنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، بۆیە سیستەمی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بە تایبەتی ئامانجەکانی بوودجەی گشتی، وە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ڕوونی و ئاشکرای مامەڵە داراییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هەمووان بە دادپەروەری، ئەمانەش دەبێتە هۆی ئەوەی تەکنەلۆژیا کاریگەری ئەرێنی هەبێت لەسەر بوودخەی گشتی بە تایبەتی لە کاتی ئامادەکردن و جێبەجێکردنی[44].

سەبارەت بە عێراق بە مەبەستی دروستکردنی نموونەیەکی داهێنەرانە لە ئامادەکردنی بوودجەیەکی زیرەك پێداچوونەوە بە بوودجەی گشتی ماوەی ساڵانی ٢٠١١ تاکو ٢٠٢١ کرا، بە مەبەستی گونجاندنی بوودجە لەگەڵ تەکنەلۆژیایی زیرەك بۆ دەستنیشان کردنی ئەم ئاستەنگانەی کە ڕوو بەڕووی بوودجە دەبێتەوە، کەوا دەرکەوت پێشنیارکراوی بوودجەی زیرەك زۆر بابەتی وەك پلاندانان و وردبینی و شیکاری و شەفافیەت ئاسان تر دەکات[45].

## لقی دووەم: بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە بوودجەی گشتی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بریتین لەم دامەزراوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی کە لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا سەربەخۆ لە دەسەڵاتی دەوڵەت کار دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە جۆرا و جۆرەکان، بۆیە بەشداری کۆمەڵگای مەدەنی لە سیاسەتی ئابووری دەوڵەت هەوڵێکی گەشەسەندووە بۆ پرەپێدان و برەوپێشبردنی بوودجەی گشتی دەوڵەت، بۆیە زۆرجار دیموکراتی لە دەوڵەت بەوە پێوانە دەکرێت کەوا بەشداری ڕێکخراوەکانی

---

[43] عبدالله شعيل مشعان العتيبي، تأثير تكنولوجيا المعلومات والاتصالات على ممارسات المحاسبية، مجلة جامعة الملك عبدالعزيز الاقتصاد والادارة، المجلد(٢٧)، العدد(٢)، ٢٠١٣، ص١٧

[44] خليل اسماعيل البياتي، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١

[45] عبدالزهرة سلمان الروازقي، أهمية تقنيات الذكاء الاصطناعي في اعداد وتدقيق الموازنة العامة في العراق، جامعة المستنصرية، مجلة الادارة والاقتصاد، المجلد(٤٩)، العدد(١٤٦)، ٢٠٢٤، ص٩٨

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگای مەدەنی لە دارشتنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی پەیرەوکراو بێت، چونکە زۆرینەی داواکارییەکانی کۆمەڵگا لە رێگای ئەم رێکخراوانەوە جێگای دەکرێتەوە لە بووجەی گشتی[46]، بۆیە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغە جیاوازەکانی بوودجەی گشتی دا رۆڵێکی گرینگ دەگێرێت، بە تایبەتی لە قۆناغی ئامادەکردن و جێبەجێکردن و چاودێری کردنی بوودجەی گشتی، چونکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ حکومەت لە دیاریکردنی پیداویستییەکانی هاوڵاتیان، وە رۆڵی رێکخراوەکانی مەدەنی لە قۆناغی ئامادەکردنی بوودجەی گشتی زۆر گرینگە بەتایبەتی لە دیاریکردنی ئامانجەکانی بوودجە دا بۆ ئەوەی لەگەل ئەنجامەکان یەك بگرێتەوە، وە بەشداریی کردنی لە جێبەجێکردنی بوودجەی گشتی دا بۆ پاراستنی سەرچاوە داراییەکان لە هەر بەفیرۆدانێك و زێدەرۆییەك، وە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە تەرخانکراوی بوودجەی گشتی وەك ئەوەی پەسەندکراوە جێبەجێدەکرێت، وە ئاگادار کردنەوەی حکومەت لەهەر کەموو کورییەك لە ناو ئەم دەزگایانەی کەوا خەرجییەکان دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوەی رێگری بکات لە هەر گەندەڵیەك و بەفیرۆدانێکی زۆر کە لە لایەن فەرمانبەرانی دامەزراوەکان روو دەدات[47]، هەروەها رۆڵێکی گرینگی هەیە لە چاودێری کردنی بوودجەی گشتی بەهۆی ئەوەی ئاماژە بە کەموو کورییەکانی حکومەت دەکات و کێشەکان دیاری دەکات و چارەسەرییەکان دەخاتە روو، ئەمەش لە رێگای رۆژنامەگەری و دەزگاکانی راگەیاندنەوە کاری لەسەر دەکات، وە لە رێگای ئەم دیدار و کۆنفرانسانەی کەوا رێکخراوە سەندیکاییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی و نێودەوڵەتی ئەنجامی دەدات، هەموو ئەمانەش دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەت ئاگاداری سیاسەتەکانی ئابووری پەیوەست بە بوودجەی گشتی بێت و هەوڵی چارەسەرکردن و بەرەوپێش بردنی بدات[48]، هەروەها ئەم رێکخراوانە رۆڵێکی گرینگیان هەیە لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە رێگای ئەنجامدانی کۆڕ و سمینارەکانیان بۆ ئەوەی بەشداربن لە باشترکردنی سیاسەتی ئابووری دەوڵەت و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکان بۆ

---

(46) العيدي صونية، المواطنة والديمقراطية – جدلية المفهوم والممارسة، مجلة كلية الاداب والعلوم الانسانية والاجتماعية، العدد(٣٢)، ٢٠٠٨، ص٤٣

(47) د. باري عبداللطيف، دور المجتمع المدني في تحسين أداء الميزانية العامة، مجلة أفاق علوم الادارة والاقتصاد، العدد (٢)، ٢٠١٧، ص٤٥

(48) د. باري عبداللطيف، هەمان سەرچاوە، ل٤٦

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بۆیە ئەم ڕێکخراوانە زۆر گرینگن بۆ کۆکردنەوەی بیرو ڕای گشتی بۆ لێپرسینەوە و چاودێری کردنی سیاسەتەکانی حکومەت بۆ ئەوەی شەفافیەت پەیڕەو بکات لە کارەکانی، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ئەم ڕێکخراوانە سەربەخۆ بن لە ڕووی دارایی و کارگێڕییەوە بۆ ئەوەی بگەن بەم ئامانجانەی هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن[49]، بەڵام هەندێك جار ئەم ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە وەك پێویست ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام بدەن ئەمەش بەهۆی دەستوەردانی سیاسی کە بۆتە هۆی ڕێگری کردن لە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوانە، هەروەها بوونی گەندەڵی لەناو ڕێکخراوەکان خۆیان کەوای کردووە لەم ئامانجانە لابدەن کە بۆیان دامەزراون، جگە لە نەبوونی ئەزموونی زانستی و مەیدانی زۆرینەی کادیرەکانی ئەم ڕێکخراوانە کە لە بوارە جیاجیاکاندا کاردەکەن[50].

بۆیە زۆر پێویستە کار بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکرێت، چونکە ئەم ڕێکخراوانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری و سەقامگیری دارایی لە دەوڵەت، وە پێویستە بەشداریان پێبکرێت لە ئاڵووگۆڕکردنی بیروڕا لەگەڵ دەسەڵاتی جیبەجێکردن و یاسادانان بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگیرێت لە دانانی پلانی ئابووری سەرکەوتوو، چونکە ئەم ڕیکخراوانە دەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر باشترکردنی دۆخی ئابووری حکومەت بە تایبەتی لە بواری بووجەی گشتی[51]، وە گرینگی بەم ڕێکخراوانە بدرێت کەوا لە بواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا کار دەکەن، وە پێویستە پاڵپشتی بکرێن و یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە بریتین لە ڕێگری کردن و کەمکردنەوەی گەندەڵی لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی خەڵکەوە[52]،

---

[49] د. سمير شوقي، نحو تفعيل دور المجتمع المدني لمكافحة الفساد في الدول المغاربة، مجلة الحقوق والحريات، المجلد(١)، العدد(٢)، ٢٠١٦، ص١٢٩

[50] د. سرهنك حميد البرزنجي، مقومات الدستور الديمقراطي و اليات المدافعة عنه، دراسة تحليلية نقدية مقارنة في ضوء المبادىء العامة للدساتير المعاصر، أطروحة دكتوراه فلسفة في القانون العام، كلية القانون، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٧، ص٢٠٦

[51] د. حيدر نعمة بخيت، الحكم الصالح في العراق و دورة في بناء الدولة، مجلة الغري للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة الكوفة، المجلد (٩)، العدد (٢٨)، ٢٠١٣، ص١٢٣

[52] بڕوانە مادە (١٣) لە ڕێکەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ساڵی ٢٠٠٣

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە عێراق ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە ڕوونی لە دوای گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ساڵی ٢٠٠٣ سەریان هەڵدا، بەتایبەتی کاتێك حاکمی سەربازی پۆل بریمەر فەرمانی ژمارە (١٥)ی لەم ساڵە دا سەبارەت بە ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەرکرد، کە ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراو بوون سەربە وەزارەتی پلاندانان بوون بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، کە ڕۆڵێکی گرینگیان پێدرا لە هاوکاریکردنی هاوڵاتیان و حکومەت لە بوارە جۆرا و جۆرەکاندا، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠ یاسای ژمارە (١٢) دەرچوو بۆ دووبارە تۆمار کردنەوەی ئەم ڕێکخراوانەی کەوا بەشێوەیەکی کرداری کاردەکەن لە عێراق کە ژمارەکەیان کەمکرایەوە بۆ (٢٥٠) ڕێکخراو، هەروەها لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا ئاماژەی بە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی داوە کە لە مادە (٤٥ / برگەی یەکەم) داهاتووە (دەوڵەت سوور دەبێت لەسەر پتەوکردنی ڕۆڵی دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پشتیوانیکردن و گەشەپێدان و سەبەخۆ بوونیان بەو شێوەی لەگەڵ میکانیزمە ئاشتیخوازەکاندا گونجاو بێت بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانیان، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت)، بۆیە ئەم ڕێکخراوانە ڕۆڵێکی ئەرێنیان هەبووە لە چاکسازی ئابووری و پاڵپشتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی بوودجەی گشتی و کارکردنی بۆ ئاوەدان کردنەوەی ووڵات[53].

بە بۆچوونی ئێمە پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دووربخرێنەوە لە دەستوەردانی سیاسی و حزبی بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی و دوور لە کاریگەری هیچ لایەنێك کارەکانیان ئەنجام بدەن، وە پێویستە گرینگی زیاتر بدرێت بەم ڕێکخراوانە بە دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆیان بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیکی کاریگەر کارەکانیان ئەنجام بدەن، وە زیاتر بەشداریان پێبکرێت لە سیاسەتی ئابووری گشتی بۆ سوود وەرگرتن لە بیرو بۆچوونەکانیان.

[53] كورازون المادي ليون، الاصلاح الاداري في اسيا، تجربة الفليبين، في تجارب عالمية في الاصلاح الإداري، ترجمة: فتحي عثمان، المنظمة العربية للتنمية الادارية، القاهرة، ١٩٩٨، ص٢٢٣

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرئەنجامەكان:

١- حەوكەمە بریتییە لە كۆمەڵێك ڕێكارو یاسا و ڕێسا كە پەیڕەو دەكرێت لە بوودجەی گشتی، كە پەیوەندیدارە بە شێوازی بەڕێوەبردنی دارایی و خەرجی گشتی دەوڵەت بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە سەرەكییەكان.

٢- شەفافیەت لە بوودجەی گشتی یەكێكە لە بنەما سەرەكییەكان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، كە دەبێتە هۆی ئاگادار بوون لە سیاسەتە داراییەكانی حكومەت بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی داموو دەزگاكان.

٣- لە عێراق بە هۆی زۆری ژمارەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و دامەزراندنیان بە شێوەیەكی هەڕەمەكی كاریگەر خراپی دروست كردووە لەسەر دامەزراوەكانی دەوڵەت بە تایبەتی ئەو فەرمانبەرانەی كە هیچ پسۆڕییەكیان نییە لە شوێنی زۆر كاریگەر دانراون.

٤- سروشتی پەیوەندییەكی بەهێز هەیە لە نێوان حەوكەمەی بوودجەی گشتی و لایەنەكانی چاودێری كردن، بۆ ئەوەی بتوانن شەفافیەت و بەشداری پێكردن بە دەستبهێنن بۆ ڕێگری كردن لە گەندەڵی دارایی و كارگێڕی.

٥- كێشەی بوودجەی عێراق ئەوەیە كەوا نەبوونی سیستەمی یاسایی و پابەند نەبوونە بە شەفافیەت و لێپرسینەوە لە لایەن بەرپرسان دەوڵەت.

## پێشنیارەكان:

١- بە بۆچوونی ئێمە پێویستە كار بۆ ئەوە بكرێت ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی دووربخرێنەوە لە دەستوەردانی سیاسی و حزبی بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی و دوور لە كاریگەری هیچ لایەنێك كارەكانیان ئەنجام بدەن، وە پێویستە گرینگی زیاتر بدرێت بەم ڕێكخراوانە بە دابینكردنی سەرچاوەی پێویست بۆیان بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیكی كاریگەر كارەكانیان ئەنجام بدەن، وە زیاتر بەشداریان پێبكرێت لە سیاسەتی ئابووری گشتی بۆ سوود وەرگرتن لە بیرو بۆچوونەكانیان.

٢- بۆیە پێشنیارمان وایە دووبارە داڕشتنەوە بە پێكهاتەی دامەزراوەكانی دەوڵەت بكرێت لە ڕووی فەرمانبەرانەوە، ئەویش بە دانانی فەرمانبەران بەگوێرەی پسپۆڕیان لە شوێنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارکردنیان، بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەری ئەرێنیان هەبێت لەسەر دامەزراوەکان، وە خولی ڕاهێنانی بەردەوامیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر شارەزابن و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم.

٣- پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری عێراقی هەمواری مادەی (١٣) لە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٩ بە هەمواركردنی دەقەكە كە دەڵێت (لە حاڵەتی دواکەوتنی پەسەندکردنی بوودجی گشتی فیدراڵی تاکو ٣١- کانونی یەکەم بۆ ساڵی ڕابردوو لە ساڵی دانانی بوودجە، وەزیری دارایی گشتاند دەردەكات بە پێی ئەمانە: ...) بۆ (لە حاڵەتی دواکەوتنی پەسەندکردنی بوودجی گشتی فیدراڵی تاکو ٣١- کانونی یەکەم بۆ ساڵی ڕابردوو لە ساڵی دانانی بوودجە، وەزیری دارایی گشتاند دەردەكات دوای ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانان بە پێی ئەمانە: ...)، چونكە دەسەڵاتی یاسادانان تایبەتمەندە بە پەسەندکردنی بوودجەی ساڵانە لە دەوڵەت.

٤- بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بوودجەی گشتی پێویستە دەزگا چاودێریەکان کارا بکرێن و شەفاف و بێلایەن بن و توانای گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی هەر سەرپێچیەك لە دامەزراوە داراییەکان، وە دەبێت میکانیزم و ئامرازی پێویستیان هەبێت بۆ مەبەستی چاکسازی دارایی و کارگێڕی بۆ ڕێگری کردن لە گەندەڵی.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبەکان

اعاد حمود القيسى، المالية العامة و التشريع الضريبي، دار الثقافة النشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٥.

حسن سلمان المكوطر، دور الشفافية والمساءلة في الحد من الفساد الاداري في القطاعات الحكومية، هاتريك النشر والتوزيع، اربيل، ٢٠٢٣.

د. حمزة حسن خضر الطائي، الفساد الإداري في الوظيفة العامة، مركز الكتاب الأكاديمي، عمان، طبعة الأولي، ٢٠١٥.

زاهر ناجى اسماعيل، دور الرقابة البرلمانية في تعزيز الحكم الرشيد، دراسة تطبيقية على المجلس التشريعي الفلستيني، ٢٠٠٨-٢٠١٣.

د. سرمد كوكب الجميل، الموازنة العامة للدولة –مدخل معاصر، شركة دار الاكاديمون للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٢١.
د. سليمان مرقس، الوافي في شرع القانون المدني، المدخل للعلوم القانونية، جزء الأول، الطبعة السادسة، مطبعة السلام، ١٩٨٧.
د. السيد احمد محمد مرجان، واجب الموظف العام في حماية المال العام، توزيع دار النهضة العربية، ط١، قاهرة، ٢٠١٠.
د. طارق الحصري، الحوكمة في القطاع الحكومي، المؤشرات والممارسات في مصر خلال (٢٠٠٦-٢٠٢١)، ط١، ٢٠٢٤.
عصام عبد الفتاح مطر، الفساد الاداري ( ماهية ، أسباب ، مظاهر)، دار جامعة الجديد، جامعة الفاتح، ٢٠١١.
د. عصام عبد الفتاح مطر، الفساد الاداري (ماهية – اسبابه – مظاهرة)، دار الجامعة الجديد، طرابلس، ٢٠١١.
د. على الصاوي، الصياغة التشريعية للحكم الجيد، إطار مقترح للدول العربية، ورقة خلفية لحلقة النقاش ينظمها برنامج الامم المتحدة الإنمائية، برنامج إدارة الحكم في الدول العربية بالتعاون مع مجلس النواب، الى ورشة عمل حول تطوير نموذج للصياغة التشريعية للبرلمانات العربية، بيروت، ٢٠٠٣.
د. نور عدنان داخل، مدى تطبيق المباديء الحديثة للموازنة العامة، جامعة التقنية الوسطى، بغداد، بدون سنة نشر.
د. هانم أحمد محمود سالم و قاضى محمد شكرى، دور مجلس دولة في الموازنة بين مبدأي المشروعية والأمن القانوني، مجلة الدراسات القانونية والاقتصادية، دورية علمية محكمة، بدون سنة نشر.

**دووەم: ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا**

أحمد خزعل محمود الجواري، توظيف مبادي حوكمة الموارد البشرية في الحد من الظاهرة الاحتراق الوظيفي، رسالة الماجستير في الادارة الأعمال، جامعة موصل، ٢٠٢٠.
امال بوسفط، القيادة الادارية و دورها في الحد من الظاهرة الفساد الاداري، اطروحة دكتوراه العلوم في علم الاجتماع، جامعة محمد خيضر، ٢٠٢٣.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

اسعد عبد الامير سعيد النجم، اعداد الموازنة العامة الاتحادية، اطروحة دكتوراه في المحاسبة، جامعة كربلاء، ٢٠٢٣.

بولا احمد أدهم، وسائل مواجهة الفساد الاداري في ضوء التشريعات مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة شرق الاردني، ٢٠٠١.

خنفر محمد، جودة الصياغة التشريعية ودورها في تحقيق الأمن القانوني، رسالة ماجستير في الحقوق، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، ٢٠٢٢.

د. سرهنك حميد البرزنجي، مقومات الدستور الديمقراطي و اليات المدافعة عنه، دراسة تحليلية نقدية مقارنة في ضوء المبادىء العامة للدساتير المعاصر، أطروحة دكتوراه فلسفة في القانون العام، كلية القانون، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٧.

## سێیەم: توێژینەوەکان

أحمد عيبس نعمة، التشريع السليم و معوقات العلمية التشريعية في العراق، بحث منشور في مجلة الكوفة للعلوم القانونية والسياسية، جامعة الكوفة، مجلد(٧)، عدد(١٨)، ٢٠١٤.

د. احمد فارس عبد العزاوي، اصلاح الموازنة العامة كمدخل للإصلاح النظام المالي في العراق، مجلة جامعة تكريت، المجلد (٦)، العدد(٢)، ٢٠٢٢.

د. احمد فارس عبد العزاوي، شفافية الموازنة العامة في القانون العراقي، مجلة جامعة الانبار للعلوم القانونية والسياسية، المجلد(١٠)، العدد(٢)، ٢٠٢٠.

د. إنتظار جاسم جابر، التباين المكاني للفساد الإداري والمالي في العراق، جامعة الكوفة، مجلة كلية التربية للبنات للعلوم الانسانية، العدد(٢٠)، ٢٠١٧.

د. باري عبداللطيف، دور المجتمع المدني في تحسين أداء الميزانية العامة، مجلة أفاق علوم الادارة والاقتصاد، العدد (٢)، ٢٠١٧.

د. باقر كرخى حبيب الجبوري، الاثار الاقتصادية لتأخير اقرار الموازنة العامة على الإقتصاد العراقي، مجلة القادسية للعلوم الادارة والاقتصاد، جامعة القادسية، مجلد(١٧)، عدد(٣)، ٢٠١٥.

حيدر سعدون المؤمن، مبادىء الصياغة القانونية، دائرة الشؤون القانونية قسم اقتراح التشريعات في العراق. بحث المنشور على الموقع الاكتروني https://aiacademy.info

د. حيدر نعمة بخيت، الحكم الصالح في العراق و دورة في بناء الدولة، مجلة الغري للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة الكوفة، المجلد (٩)، العدد (٢٨)، ٢٠١٣.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خديجة جمعة الزويني، الفساد و أثره في الموازنة العامة للدولة، جامعة المستنصرية، مجلة الادارة و الاقتصاد، مجلد(٣٣)، عدد(٧٣)، ٢٠٠٨.

رغد على حسن، الفساد الاداري والمالي في العراق، ( الاشكالية و الاثار و المعالجات)، مجلة الاداب، العدد (١٢٨)، ٢٠١٩.

سامى لطفي محمد ابو زويدة، دور الأجهزة الرقابية في مكافحة الفساد الاداري، جامعة الازهر، مجلة البحوث الفقهية والقانونية، العدد(٤٣)، ٢٠٢٣.

د. ستار جابر خلاوي الحجامي، دور الموازنة التقليدية في تفاقم مشكلة الفساد الاداري والمالي في العراق، جامعة واسط، مجلة الكوت للعلوم الاقتصادية والادارية، المجلد(١) العدد(١٠)، ٢٠٢٣.

د. سمير شوقي، نحو تفعيل دور المجتمع المدني لمكافحة الفساد في الدول المغاربة، مجلة الحقوق والحريات، المجلد(١)، العدد(٢)، ٢٠١٦.

د. شداد خليفة خزعل حاتم، الية الرقابة علي تنفيذ الموازنة العامة في ظل قانون الادارة المالية الاتحادية رقم ٦سنة ٢٠١٩، مجلة للعلوم القانونية، المحلد(١)، العدد(١)، ٢٠٢٠

عبدالزهرة سلمان الروازقي، أهمية تقنيات الذكاء الاصطناعي في اعداد وتدقيق الموازنة العامة في العراق، جامعة المستنصرية، مجلة الادارة والاقتصاد، المجلد(٤٩)، العدد(١٤٦)، ٢٠٢٤.

عبدالله شعيل مشعان العتيبي، تأثير تكنولوجيا المعلومات والاتصالات على ممارسات المحاسبية، مجلة جامعة الملك عبدالعزيز الاقتصاد والادارة، المجلد(٢٧)، العدد(٢)، ٢٠١٣.

د. علي حسين احمد الفهداوي، الموازنة العامة والرقابة عليها في التشريعات العراقية، مجلة العلوم السياسية، العدد(٥٩)، ٢٠٢٠.

العيدي صونية، المواطنة والديمقراطية – جدلية المفهوم والممارسة، مجلة كلية الاداب والعلوم الانسانية والاجتماعية، العدد(٣٢)، ٢٠٠٨.

غزوان رفيق عويد، دراسة تحليلية لؤشرات منظمة الشفافية الدولية، مجلة النزاهة والشفافية للبحوث والدراسات، العدد(٧)، ٢٠١٦.

محمد ذياب، حوكمة الموازنة العامة في الجزائر في ظل تطبيق القانون العضوي، الجزائر، مجلة معارف، المجلد ١٩، العدد ١، ٢٠٢٤.

محمد عبدالرحمن عمر، دور أبعاد التكنولوجيا في تحسين إدارة تجربة الزبائن، جامعة الموصل، مجلة تنمية الرافدين، المجلد(٤٣)، العدد(١٤٤)، ٢٠٢٤

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

منير زياني، مدى تحقيق مبادئ الحوكمة في ادارة الميزانية العامة بالجزائر وسبل تجسيدها، المجلة الجزائر للمالية العامة، المجلد(١٢)، العدد(١)، ٢٠٢٢.

**چوارەم: یاساکان**

یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی ژمارە(٢٣)ساڵی ١٩٧١
دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥
یاسای ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٠ تایبەت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی
یاسای بەڕێوەبردنی دارایی دەوڵەت ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٩

---

# Challenges of public budget governance in combating financial and administrative corruption

**Rebaz Nadir Ibrahim**
Department of Law, College of Law, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: rebaz.ibrahim@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Kamal Anwar Yaba**
Department of Law, College of Law, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: kamal.yaba@su.edu.krd

## Abstract

The issue of the general budget is one of the most important issues of financial and legal science, because the general budget is the government's program and plan to estimate revenues and expenditures for the next fiscal year the reason why the public budget cannot achieve the goals it seeks to achieve in preventing financial and administrative corruption.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

The obstacles facing the general budget are related to lack of compliance with laws, regulations and guidelines, lack of transparency and abuse of powers, excessive demands by some government institutions, lack of effective monitoring of the work of institutions and lack of experienced employees Reducing financial and administrative corruption, and removing obstacles and ways of governance the public budget includes the development of legal systems, training and promotion of employees in the implementation of the public budget, the role of technology in the public budget and the participation of civil society organizations.

***Keywords:*** *Governance, public budget, corruption, transparency, reform*

# التحديات لحوكمة الموازنة العامة في مكافحة الفساد المالي والإداري

**ملخص:**

موضوع الميزانية العامة للدولة هي احدى المواضيع المهمة للعلوم المالية والقانونية، لأن الميزانية العامة تعتبر برنامج و خطة الحكومة لتخمين الواردات والنفقات للسنة المالية القادمة و تثبيت المبادىء الأساسية للحوكمة فيها يؤدي الى توفير الشفافية والمسؤولية و توفير المعلومات و مشاركتها فيها، الميزانية العامة يتعرض الى مجموعة من التحديات والصعوبات يكون لها تأثير مباشر على تطوير السياسة الاقتصادية للدولة، ويكون سبباً لعدم تمكن الميزانية العامة التوصل الى الاهداف التي تحاول أن يحققها، من مواجهة الفساد المالي والاداري.

المعوقات التي تواجهها الميزانية العامة مرتبطة بعدم الالتزام بالقوانين و التعليمات وعدم توافر الشفافية وسوء استخدام السلطات، والمطالب الكثيرة من قبل عدد من المؤسسات الحكومية، وعدم جود رقابة فعالة على فعاليات تلك المؤسسات، وقلة الموظفين اصحاب الخبرات لأعداد و تنفيذ الموازنة العامة، كل هذه المعوقات التي تواجه حوكمة الموازنة العامة يكون لها تأثير سلبي على المحاولات لسد الطريق امام تقليل الفساد المالي والاداري و رفع الحواجز. طرق حوكمة الموازنة العامة يكمن في تطوير الانظمة القانونية و تدريب و تأهيل الموظفين من اجل تنفيذ الموازنة العامة و دور التكنلوجيا و مشاركة منظمات المجتمع المدني في اعداد الموازنة العامة.